# من فەرمانم پێتانکرد بەوەی فلّان وفلّان بسوتێنن، وتەنها خوای گەورە بە ئاگر سزا دەدات، ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە بیانکوژن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە هەڵمەتێکدا ئێمەی نارد وفەرمووی: «ئەگەر فلّان وفلّانتان دۆزیەوە» دوو پیاو بوو لە قوڕەیش وناویانی هێنا، -وفەرمووی-: «بیانسووتێنن»، پاشان کاتێک ویستمان دەربچین پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی: «من فەرمانم پێتانکرد بەوەی فلّان وفلّان بسوتێنن، وتەنها خوای گەورە بە ئاگر سزا دەدات، ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە بیانکوژن».

[صەحیحە] [بوخاری گێراویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لە هەڵمەتێکدا کۆمەڵێکی نارد بۆئەوەی بەرامبەر دوژمن بجەنگن، وفەرمانی پێیانکرد ئەگەر دوو کەسی دیاریکراویان بینی لە قوڕەیش وناویانی هێنا؛ بیانسووتێنن، پاشان پێش ئەوەی بکەونە ڕێ پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- پێیانی فەرموو: من فەرمانم پێتانکرد بەوەی فلّان وفلّان بسوتێنن، وتەنها خوای گەورە بە ئاگر سزا دەدات، ئەگەر ئەوانتان دۆزیەوە بیانکوژن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee